## بیروڕای دەرەوە

(بیروڕای دەرەوە) لاپەڕەیەکە هەموو سێشەمەیەک ئامادە دەکرێ و گرنگی بە تێڕوانینی دەرەوە دەدات بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا و مینبەرێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نووسین و دیدارو ریپۆرتاژ و وەرگێڕانانەی کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، بۆ ئەوەی تێڕوانینی ئێوەی کوردانی دەرەوە هەبێت لەسەر ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانەی تێیدا دەژین و بۆ سوود وەرگرتنی کۆمەڵگەی کوردی لەو کلتوورانە دەتوانن لەم لاپەڕەیەدا بەشداربن و بەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

biruray.derewe@yahoo.com
07701590780 – 066 254 9701

# سورەیا فەلاح:
# بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت ژنان کەمتر بەر شاڵاوی رەشەکوژی دەکەون

سازدانی: تارا محەمەد

**سورەیا فەلاح سەرۆکی "کۆنفرانسی ژنان بۆ ئاشتی و یەکسانی" کە لە مانگی ئاداری 2007 لە هەولێر بەڕێوەچوو، لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی کوردستان راپۆرتی داوەتەوە:**

**کوردستان راپۆرت:** کورتەیەک لە چالاکییەکانت؟

**سورەیا فەلاح:** چەند ساڵ لەشاری باکو بۆ ناسینی کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجان و قەفقاز سەرقاڵی لێکۆڵینەوەبووم، پاشان لەرێگەی کومیسارییای باڵای پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەنابەری سیاسی وڵاتی دانیمارکم پێ بەخەشرا. لەدانیمارک لەگەڵ کومەڵگەی پەنابەران و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (AMNESTY INTERNATIONAL) و خاچی سوور کارم کردووە و ئێستاش ماوەی هەشت ساڵە لە باکووری ئەمریکا چالاکگەری مافی ژنی کورد و کوردەواریم، ئەندامی کومەڵگای پشتگیری لەمافی مرۆڤ وئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکانی ئێران و هەروەها سەروکی نەنجومەنی قەلەمی کوردی باکووری ئامریکاو ئەندامی رێکخراوەی وڵاتە یەکگرتووەکانم (UNA-USA). چەند ساڵێک لە دیراساتی سیاسەتی نێودەولەتی (IPIS) کاری لێکۆڵینەوەم لەسەرسیاسەت و حکومەت کردووە. هەروەها بڕوانامەی رەوانناسی (سایکۆ لۆژی)یم هەیەو چەندین کتێبم لەسەر مافی ژن و چەند بابەتی دیکە نووسیوە. لەو ماوەیەدا رێکخەر و بەشداری چەندین کۆنفرانس لەسەرکورد بووم و سەرۆکی کۆنفرانسی ژنان بۆ ئاشتی و یەکسانی بووم کە لە ئاداری 2007 لە پاتیەختی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ساز درا، ئیتر با درێژەی پێنەدەم، بە کورتی ژنێکی کوردم و بە شانازی بە کوردبوونمەوە ئەژیم.

**کوردستان راپۆرت:** ئەنجام و راسپاردەکانی کۆنفرانسی نێودەولەتی ئاشتی و یەکسانی بە کوێ گەیشت ؟

**سورەیا فەلاح:** ئەنجام و راسپاردەکانی کۆنفرانس بە تەواوەتی پێشکەشی پەرلەمان و وزیری مافی ئافرەتان کراو کۆنفرانسەکە لەچەن بوارەوە ئەنجامی باشی هەبوو وەکوو: زانیاری دان بەو کەسانەی کە لە لایەن رێکخراوە ئەوروپایی و ئەمریکییەکانەوە بەشدارییان کرد لەسەر ژنی کورد و کوردستانی پاش گۆڕانکاری. لەپاش کۆنفرانسەکە لەئەمریکا و ئەورووپا، بۆ ماوەی زیاتر لە 9 مانگ زۆربەی بەرپرسی ژنانی رێکخراوەکان و بەشی ژنانی زانکۆکان باسی کۆنفرانسەکەیان بڵاو ئەکردەوەو لەسەر ژنی کورد قەسەیان ئەکرد. هەروەها زۆربەی بەرپرسانی ناوخۆش بەو قەناعەتە گەیشتن کە پرسی ئافرەتی کورد تەنها پرسێکی نێوخۆ نییە و بە هۆی دەنگدانەوە لە وڵاتانی تر، ئەشێ وەک پرسێکی نێودەولەتی چاوی لێ بکرێت. بەشێک لەداخوازییەکانیش بە ئەنجام گەیشتن وەکو: زامنکردنی رێکخستنی یاسایەک کە سزای یاسایی بۆ هەر کەسێک دیاری بکات کە توندوتیژی دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات. یەکێک لەئامانجەکانی کۆنفرانسەکەش هەوڵێک بوو بۆ پەرەپێدانی بەشداری ژن لەهەموو بوارەکانداو دۆزینەوەی رێگەچارەی ئەلتەرناتیفی (فرمی و نافرمی) بۆ زیادکردنی بەشداربوونی ژن و کاریگەرییان لەپرۆسەی سیاسی و بوارەکانی دیکەی ژیان لە کوردستاندا، ئەم خاڵە بەجۆرێک بەئەنجام گەیشتووە، هەڵبەت نە بەو مانایە کە هەموو ئەو کەسانەی وا توندوتیژییان دژ بە ئافرەت ئەنجام داوە، سزای کردەوەی خۆیان دیوە، بەڵکو بەومانایە کە یاسا زەمانەتی سزادانی بۆ ئەو کەسانە دیاری کردووە کە توندوتیژی دژ بە ئافرەت ئەکەن، ئەزانین راسپاردەکان پرۆژەی گەورەن و بەسەر ئەم گشتە کارو گرفتانەدا بەساڵێک بەئەنجام ناگات، بەڵام بەشێک لەوانە بەئەنجام گەیشتووە، بۆ نموونە: پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ ژنانی خێزانە ئەنفالکراوەکان کە پێویستی بە کارکردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری دەروونی نێگەتیف لەلای ئافرەتانی ئەنفال کەبە بەرنامەیەکی بەردەوام بە چارەسەرکردنی دەروونی و پزیشکی مومکین ئەبێت. یاکو مەسەلەی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتانی ئەنفال کە بەدروستکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتانی ئەنفال پێکدێت. ئەمانەش راستە کە داخوازییەکی جوانن، بەڵام پێویستی بەکات هەیەو تایبەتییە. تا ئەم کاتەش ئێمە وەکو لیژنەی مافی ژنانی KNC ئامادەی هەموو کارو داواکارییەکی ژنانی کوردین و داخوازییەکانیش بە وەزارەتی ئافرەتان پێشکەش کراون. هیوادارین لە تواناکانی کۆنفرانسەکەش هەموو لایەکمان بتوانین کەڵک وەربگرین و بۆ گۆڕانکاری و ناساندنی دیموکراسی و سیاسەت و زانست لە وڵاتە یەکگرتوەکان بەگەلی کورد و ناساندنی کولتور و رێگەوشوێنی کورد بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی بەم وڵاتانە هەنگاو هەڵگرین. هەر وەها ئێمە لەم رێگەیەدا وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی ولیژنەی مافی ئافرەتان و ژنان خەریکین مونەزەمەیەک بەنێوی (ئافرەتی جیهان بۆ ژیان) ساز دەکەین و هیواداین (World Woman for life) لە زووترین کات وەڵام وەربگرین.

**کوردستان راپۆرت:** ئایا پیاوی کورد تەنها بە دروشم باسی ئازادی و مافی ئافرەتان دەکەن یان کاریان بۆ کردووە؟ ئەگەر کاریان بۆ کردووە بۆچی تا ئێستا توندوتیژی دەرهەق بەژنان دەکرێت، چۆن دەتوانین رێگە لەم توندوتیژییە بگرین؟

**سورەیا فەلاح:** ژنان لە هەموو کومەڵگەیەکدا گرفتیان هەیە، بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش لە کوردستان بە زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆژی پیاوی کورد و سیستمی سوننەتێک کە پیاو تێیدا ژیاوە. بۆیە لە کوردستانیش پیاوان باس لەمافی ژن ئەکەن، بەڵام ئەمە بەهۆی دواکەوتوویی بنەمایەکی قورسی نییە، بۆیە پێشکەوتنی بیروبڕواکان و جیاوازی بیروڕاکان و کردەوە زیاتر ئەبێت. ئەتوانم بڵێم وەکو حەرەکەتی فرۆکەیەکە لە کوردستانەوە بۆ ئەمریکا، بێگومان بە گۆڕانی جێگەو مەکان، بیروبڕوا و کلتوور و ژیانی کەسایەتی و تکنۆلۆژی ناگۆڕێت، بەمە تەنیا مەکان گۆڕاوە. گۆڕانکاری پێویستی بەکات وفێربوون ولەخۆبوردن هەیە. گرنگتر لەوەش ئایینەکانە کە پیاو لە ژن بەرزتر ئەزانێت و زۆر جاریش ژن بەنیوەی پیاوێک ئەژمێرن. بۆیە گۆڕانی ئەو بیروبڕوایانە بەراستی کارێکی گران و گرنگە. لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان وەکو یاسای کۆماری ئیسلامی ئێران ژن وەکو بەشێ لەماڵومولکی پیاو حیساب دەکرێت، ژن بە نیوەی پیاو بەشە میراتی باوکی پێ ئەگات و زۆر یاسای دژ بە ژن هەن کە لەجێی خۆی ئەشێ باس بکرێن.

**کوردستان راپۆرت:** ئێوە لەسەرەتای دەست بەکاربوونتانەوە تائێستا چیتان بۆ ژنی کورد کردووە ؟

**سورەیا فەلاح:** ئەگەر مەبەستتان لە ئێوە، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە لە ئەمریکای باکوور، ئەوە ئێمە لە پاش کیمیابارانی هەڵەبجە چالاکی خۆمان دەست پێکردووەو لەمێژووی 20 ساڵەی خۆمان کاری زۆرمان لەپەروەندەدا هەیە. بۆ زانینی زیاتر ئەتوانن پچنە سەر ماڵپەڕی (www.kncna.org) دەبینن کۆنگرە چی بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەت کردووە و بێگومان لە ناوخۆیەوە دەستی پێکردووە و مافی ژنیش لە مافی پیاو بە شتێکی جیاواز نازانێت، لەنێو هەموو لیژنەکانیا ژنان ئیش ئەکەن و جێگری سەرۆکی کۆنگرەش بەڕێز سورەیا سراجەدینی بوو، کەبەداخەوە ساڵی را بردوو کوچی دوایی کرد. منیش لەسەر پرسی ژنان و پەیوندی ژنی کورد لە هەر وڵاتێ کە ژیاوم، کاروچالاکیم هەبووەو ئیشێکی زۆرم کردووە، بە نووسینی کتیب و پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئامادەبوون لەسەر ساتالایت و برادکست Broadcasting کردنی پرسی ژن و گرێدانی کونفرانس و کاری سیاسی و یاسایی و لەزۆر جێ و شوێن کاری کلتووری کوردیم کردووە لە فیستیڤاڵەکان بەبردنی جلوبەرگی کوردی و شتی سازکراوی کاری دەستی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی و خواردنی کوردی کە هەرکامیان بە رای من بەشێک لە کلتووری میللەتێک دروست دەکەن.هەوڵی زیاتری من ئەوەیە کە پرسی ژن کورد وەکو پرسێکی گەورەی نێو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکێشمە ناو ناوەندەکانی نێونەتەوەیی. چونکا ژنی کورد لە چەندین وڵاتدا ئەژین و لە ژێر بارودۆخی یاساو سیاسەتی ئەو دوڵەتانەدان. کارێکی زۆر گرنگی دیکەمان ئەوەیە ئەم لیژنە کە یاساکار و کارزانی تێدایە هەوڵەکانمان بۆ ئەو ژنانەیە کە لەکاتی ئەنفالەکان دزران و بە وڵاتی میسر فرۆشران.

**کوردستان راپۆرت:** دوا پلان وبەرنامەتان چییە بۆ باشترکردنی رەوشی ژنانی کورد؟

**سورەیا فەلاح:** ئێمە دەبێت هانی ژنان بدەین بۆ بەهێزکردنی بەشداربوونیان لە پرۆژەو پرۆسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و رۆشنبیری و هونەری. ئەشێ رۆڵی ژن بەرچاو بخرێت، ژنی کورد نیوەی کۆمەڵگەی کوردییە و لە بزووتنەوەی میللەتی کورد هاوشانی پیاو بووە، بەم رادەیە پێگەیشتووەو مافەکانیشی نادیارن، پێویستە رۆڵی دیاری بکرێت وەک هاوشانی پیاو، وەک بەشێک لەکۆمەڵگەی مەدەنی کە بتوانێت داوای مافی خۆی بکات. بۆیە دەبێ ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەرێگەی پێشکەوتنی ژنە لابدرێن و بەشداربوونیان لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیار بێت. پێویستە لەکوردستان کاراکردنی رولی ژن لە دەزگا حکوومی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان روون بکرێتەوە. زیاترین پلان و بەرنامە Women leadership Business ئەشێ لەسەر رێبەرایەتی لەبواری ئابوورییەوە دانرێت. ئەمە ئەتوانێ هەنگاوێک بێت بۆ پێشبردنی مافی ژن.

**کوردستان راپۆرت:** هۆکاری دوورە پەرێزی ژنانی کورد لەپرسی سیاسیدا چییە ؟

**سورەیا فەلاح:** ئەم مەسەلەیە چەندین بوار دەگرێتەوە، بواری سایکۆلۆژی ژن، بارودۆخی کۆمەڵگە و پێکهاتەی سیاسی دەسەڵات و رێگەوشوێنی دەوڵەت و دەستکەوتی ژن لەو سیاسەتە و.. هتد. ژنی کورد پێوستی بە هاندەرێکی ناوخۆییە کە بیکێشێت بەدوای خۆیا. هاندەر (internal motivation) ئەوشۆفیرەیە کە سەرنشینەکانی رائەکێشێت بۆ ئەوەی بیانگەیێنێتە شوێنی مەبەست. بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە دروست بێ، زانیاری لەسەرمافی جیندەرو مافی مرۆڤ زۆر بەنرخن، ئەو زانیارییانەش بە خوێندن و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیستمی دەستخۆشی پێکدێت. وەکو چۆن منداڵێک بە زۆر ولێدان لە قوتابخانەکەی سەرکەوتوو نابێت، دەستخۆشی و هاندان رۆڵی زیاترە، بۆیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سیستمی دەستخۆشی کەڵک وەرگیراوەو سیستمی تەمێ کردن لەزۆر جێگەدا هەڵگیراوە. فاکتورێکی تر ویستی کومەڵگا و بارودۆخی ژنی کوردە لە هەرچوار پارچەی کوردستان کە هەرکامی جیاوازی خۆی هەیە. لە ئەم کۆمەڵگایانە بە گشتی جگە لە باشووری کوردستان ئەویش تا رادەیەک، دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان حەزیان لە تێکەڵبوونی ژن لە سیاسەت نییە، چونکا ئەزانن ژن نیوەی زیاتری کومەڵگایەو کوردیش بە چالاک بوونی نیوەکەی دیکەی و پێکەوە زۆر زووتر رزگار دەبن، بۆیە ئافرەت دەچەوسێننەوە و دەنگ بەرزکردنی ئافرەتیش بەگوناح دادەنێن. دابونەریت وئایین و مەزهەبیش ئەکەنە بەربەستێکی گەورە، بۆئەوەی لەپرۆسەی سیاسیدا ژن و پیاو رێگەی خۆیان لەیەک جیا بکەنەوە، بەڵام ئەگەر سەیری مێژوی کورد و هەر میللەتێکی دیکە بکەین ئەبینین هێندەی ئەوەی پیاوان لە پرۆسەکانی ژیاندا بەرپرسیارن ئافرەتانیش بەرپرسیارن. من سیاسەت بەئەرکێکی پیاوانە نازانم وئافرەتی سیاسەتمەدار لەپیاوێ کە بە سیاسەت کایە ئەکات بەنرختر دائەنێم. بەرێز بینەزیر بوتۆ لە دایکەوە کورد و لەباوکەوەپاکستانی بوو، ئافرتێکی گەورەی سیاسەتمەدار بوو کە بەداخەوە لەناویان برد، یان بەڕێز هیلاری کلینتۆن سناتۆری ئەمریکی کە لە رێگەی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راوەستاوە.

**کوردستان راپۆرت:** ئافرەتانی کورد تا چەند سەربەخۆن و تاچەند زەمینەیان بۆ رەخساوە لەلایەن پیاوانەو تا چەندیش مومارەسەی ئازادی خۆیان دەکەن؟

**سورەیا فەلاح:** رادەی سەربەخۆیی ئافرەتی کورد باسی زۆر هەڵدەگرێ، لەکوێ؟ ئافرەتی کورد لەکام وڵات؟ ئەگەر مەبەست تەنها کوردستانە، ئەوە رادەی سەربەخۆیی ژنی کورد زۆر لەخوارەوەیە. سەربەخۆیی ئەتوانێ باسێکی ئابووری یاکو سیاسی بێت، بەڵام سەربەخۆیی سیاسی مومکین نییە مەگەر لەباری ئابوورییەوە سەربەخۆییەک هەبێت. ئەمە بنەمای زانستی سیاسییە، ئەگەر باسی باشووری کوردستان بکەین ئەتوانم تارادەیەک ئاماژە بە بەشداری ئافرەت لەسیاسەتدا بکەم، کە ئەو رادەیەش جێگەی خۆشحاڵییە، بەڵام ئافرەتی سەربەخۆ و خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ کەمن کە بتوانن کارێکی گشتگیر بۆ ژنی کورد بکەن، ئافرەتی پلەبەرز لەبواری ئابوورییەوە وەکو کەسایەتی لەدەرەوەی وڵات هەن، بەڵام بەداخەوە رەقەمێکی زۆرنین. بەشێکی زۆر لە پیاوانیش بە هۆی نەناسینی باشییەکانی سەرکەوتنی ژن لە بواری ئابووری و سیاسی، زەمینەیان نەک نەڕەخساندووە، بەڵکو کۆسپیشیان بۆ دروست کردووە، ئەویش بە هۆکاری دەستوپێگیری ئایینی و نەریتێک کە لەباوک وباپیریانەوە پێیان گەیشتووە کە زۆر ترسیان لەسەربەستی و پێشکەوتنی ژنە. هەڵبەت گۆڕانکاری زۆر کراوە، بەڵام بە نیسبەت وڵاتە سەرکەوتووەکان لەباری دەستەبەرکردنی مافی ژن دواکەوتووین. ئێمە وکو وڵاتەکانی ئیسکاندیناوی، زۆر رێگەمان هەیە، ژنانیش کاتێک ئەتوانن مومارسەی مافی خۆیان بکەن کە یەکەم زانیارییان لەسەرمافی خۆیان هەبێت، "ماف نادرێت ئەشێ بەدەستی بێنی"، دووهەم کۆمەڵگەو پیاوان یارمەتی ژن بدەن، واتە ئەگەر پیاوان دەستی ژن نەگرن و هانی نەدەن و یارمەتی نەدەن بۆ گەیشتن بەمافی سەربەستی وئازادی ومافی مرۆڤایەتی خۆی، ئەوا ئەکەوێ بەعەرزا. کوردستان لەبواری ئابووری و سیاسیشەوە گەشە ناکات ئەگەر نیوەی کومەڵگەکەی کوژابێتەوە. بۆیە پیاوان رۆڵێکی تایبەتییان لەسەربەخۆیی ئافرەتاندا هەیە. پیاوان ئەشێ بەشداری پرسەکانی ئافرەت بکەن. هەروەها سەربەخۆ بوونی ئابووری ئافرەتان یارمەتی خێزان دەدات، هۆکارێکیشە بۆ دەرچوون لەژێر باری خراپی دەرونیی ژن کە لەژیاندا وەکو جیندرێکی پلە دوو سەیر کراوە.



سورەیا فەلاح لە2ی رێبەندانی ساڵی 1967 لەشاری بانە لەدایکبووە، لەشاری سەقز خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووەو لەسیاست و مافی نێودەوڵەتی لەزانکۆی تاران ماستەری وەرگرتووە. زۆر بەگەنجی تێکەڵاوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووەو دواتر لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەدیل گیراوەو ماوەیەک زیندانی سیاسی بووە.

**کوردستان راپۆرت:** چون پێناسەی رەشەکوژی ژنان دەکەی کاتێ ژن بەپاساوی نامووس پەرستی دەکوژرێ؟ هۆکارەکانی چییە و ئایا ئەو دیاردەیە لەکومەڵگەکانی دیکەش بوونی هەیە؟

**سورەیا فەلاح:** نامرۆڤانەترین کردار، کوشتن و قەتڵە لە ژێرهەر ناوێکدا بێت. کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف لە کۆمەڵگەی کوردی و توندوتیژی دژی ئافرەت لەئاستی گشتی و تایبەتیدا وەک ئاستی خێزان، دیاردەیەکی قیزەونە. توندوتیژی لە هەموو وڵاتێک و لە هەموو کۆمەڵگەیەک هەیە، لە کوردستان پێش دامەزرانی حکومەتی هەرێم میدیاکان دەرفەتی دەرخستنی زۆر شتیان نەبوو، هەروها لەدونیا زۆر بە کەمی چاودێری کورد دەکرا، چاویان لەکورد نەبوو. لەلایەکی دیکەوە کوشتنی ژن وەکو نهێنییەکی بنەماڵەیی بوو، کەس بە مافی کومەڵگەی دانەدەنا، بەڵام ئێستا هوشیاری زیاترە و راگەیاندن لە هەموو شوێنێک هەیە، بۆیە کەمترین کوشتن زیاترین باسی لە سەر دەکرێ چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات. ناشێ لەبیرمان بچێ کە باشووری کوردستان هەتا ئێستاش بەشێکە لەعێراق کە هێشتا یاسایەک بە ناوی یاسای شەرەف یان (غسل الاعار) هەڵنەگیراوەو بە پێی ئەم یاسا کۆنە، مافی راستەقینەی پیاوە کە ژنێک لەسەر شتێ کە ناوی شەرەفی لەسەردائەنێت بکوژێت. ئەمەش زیاتر لەکومەڵگە مەزهەبی وئایینییەکاندا هەیە کە ئەمجۆرە درندەییە بە رێژەیەکی زۆر هەیە، ئەمەش، لەسیستمێکی کۆنی پاش سیستمی فیۆدالی و خانخانییەوە ماوەتەوە کەپیاو نانهێنەری ماڵ و ژن رۆڵی ماڵداری و بندەستی هەبووە، ژن بووە بە بەشی لەماڵ و موڵکی پیاو، بۆیە هەرچی کومەڵگە پێشکەوتووتر بێت و هەرچی نەخش و رۆڵی دوڵەت و ئائین جیاکرابێتەوە و یاسای دژی توندتیژی چەسپاو بێت، ژن کەمتر بەر شاڵاوی رەشەکوژی دەکەوێت. لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هێشتا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنێک و ئایین و مەزهەب شتێکی زەقەو بە هۆی تێکەڵبوونی سەدان کلتوور و نەتەوەی جیاواز، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەبیندرێ. بەڵام رێژەی زۆر کەمترە لەوڵاتانی دواکەوتوو، چونکە رێکخراوەکانی ژنان دەنگیان دەرهاتووەو یاسا هەیەو تاوانباران بەسزای خۆیان دەگەن. بە رای من بۆ کەمکردنی رشەکوژی ژنان، پێویستە ئەمکارانە بکرێت: گرتنی تاوانبارانی بەشدار لە کوشتن یان ئازاردانی ژنان. ناسینی کوشتنی ژن وەکو تاوانێک کە بەرامبەر بەکومەڵگە بکرێت. دانانی سنوورێک بۆ بەستنەوەی دەستی پیاوانی عەشیرەتەکان. چونکە ئەم جۆرە کێشانە کێشەیەکی کۆمەڵایەتین، نەک کێشەی بنەماڵەیی. سوڵحی عەشایری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوشتن زۆر لاوازە، کەمتر لە چەن مانگ عەشیرەتێ لە بەشیقەی موسڵ پێکهاتنەوەیەکیان کرد لەسەر کوشتنی کیژۆڵەیەکی تەمەن 17 ساڵە کە بەناوی پاراستنی شەرەفی عەشیرەتەکەیان ئەوکارەیان کرد، بەڵام عەشیرەکان بە بیروبڕوای کۆنی خۆیان و نازانستییانە لەسەر ئازادی و مافی ئافرەت قسە دەکەن، بۆیە دیارە چارەسەری ئەو کوشتنانە ناکەن و سزایەک بۆ ئافرەت کوژی دانانێن.

**کوردستان راپۆرت:** خوێندنەوەت چییە لە سەر لەشفرۆشی کە وەک دیاردەیەک لە کوردستان سەری هەڵداوە و چۆن رێگەی لێ دەگیرێت و تاچەند کاردانەوەی نەرێنی دەبێت لە سەر ئافرەت بە تایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی؟

**سورەیا فەلاح:** دیاردەی لەشفروشی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە و مانای ئەوە دەگەیەنێت کە "کەسێک بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە نییەتی، کەڵک لەو شتانە وەردەگرێت کە هەیەتی وەک لەشی خۆی". دەتوانرێ یەکێک لەو شتە نان بێت کە لە برسان نەمرێ، ماڵ و ئاڵتوون و سامان بێت. ئەمە دەستکەوتی کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە. بەداخەوە لە کوردستانیش شەڕ و ناکۆکیی ئابووری پاش شەڕ و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کە هاوتەریبی ئەو کۆمەڵگانە بوو، دەستی پێکردووە، یا دەتوانم بڵێم زیاتر بووە. یان هەر گۆڕانکاری و شەڕ و بەربەرەکانێ دەکەوێتە کۆمەڵگە کە پێوستی بە لێکۆڵینەوەو پاتالۆژی هەیە، یەکێک لەو دەستکردانە لەشفرۆشی یان بە زۆر ناردن بۆ لەشفرۆشییە کە لە هەر دوو شێوازدا شتێکی ناشیرینە. لەشفروشی بە دوای خۆیدا نەخۆشیی وەک ئایدز و نەخۆشیی جەرگ، هیپاتیت و نەخوشیی Sexual transmited desease دێنێت، لە بواری دەروونناسیشەوە زۆر لە کەسانی لەشفرۆش خۆیان بە بێ نرخ دەزانن و دەست بە خۆکوشتن دەکەن. لەشفرۆشی کلتوورێکی نەخۆشی پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات کە بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان و شکاندنی کەسایەتیی ئەو کەسەی بەدوادا دێت. سەلامەتیی ئافرەت سەلامەتی کۆمەڵگایە. کچانی ئەمڕۆ بە دایکانی سبەی دەژمێردرێن و دایک دەبێ مامۆستای منداڵەکانی بێت. هەروەها لەشفرۆشی تەنیا بۆ ئافرەت نییە، پیاو یان کوڕیش کە لەشفرۆشی دەکات لە جیاتی کەڵک وەرگرتن لە بیر و هزری خۆی بۆ کار کردن، لە لەشی کەڵک وەر دەگرێت. فاکتەرێکی دیکە کە لەبەرچاوگرتنی پێویستە گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگە. منداڵێک کە هێشتا ناتوانێ و نابێ خواردنی قورس بخوات بە زۆر دەرخواردی دەدەن، ئاکامەکەشی منداڵێکی نەخۆش و پڕ لە ژان و ئێشە. لە ئەنجامەکانی کۆنفرانسەکە هاتووە، کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەبێ سزای یاسایی دابنێن بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر لە ئافرەتەکانیان دەکەن بۆ لەشفرۆشی. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ کەمکردنی کێشەی لەشفرۆشی، لە بواری ئابوورییەوە یارمەتیی ئافرەتان بدات بە رەخساندنی دەرفەتی کار بۆیان و فەراهەمکردنی شوێنێک کە ئافرەت بتوانێ بە رەنجی بازووی خۆی کار بکات و منداڵ و بنەماڵەکەی بەخێو بکات، ژیانی تەزمین بکرێت. هەروەها دەستی گەنجان بگیرێت بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و پێکەوەنانی خێزان. لە فێرگەکاندا وۆرک شۆپ بۆ ناسینی لایەنە سلبییەکانی ئەم دیارەیەدا هەبێت و لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان پرۆگرام هەبێت بۆ ناساندنی (STD) ئەو نەخۆشییانەی کە لە لەشفرۆشییەوە پەیدا دەبێت. لیژنەی ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری زۆری لە سەر ئەو دیاردەیە کردووە و بەدوای رێگەچارەیدا دەگەڕێت. لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی و ئەمریکاشدا حکومەت چاودێریی پێشگیریی لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

**کوردستان راپۆرت:** رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارانی بواری مافی ئافرەتی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**سورەیا فەلاح:** رێکخراوەکان دوو رۆڵیان لە کۆمەڵگەدا هەیە: رۆڵی تەرجومانی نێوان ژنان و حکومەت و ئاشناکردنی ئافرەتان بە مافەکانیان. واتە بوونیان زۆر پێویستە و لە پاش ئاڵوگۆڕدا یارمەتیدەرن بۆ رێکخراوە حکوومییەکان. کاریگەریی هەر یەک لەو رێکخراوانە نەبەستراوەتەوە بە مێژووی کارکردنی چەند ساڵەیان و کاریگەریی هەر یەکیان جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی دیکە هەیە.

**کوردستان راپۆرت:** هۆکاری نەبوونی هەماهەنگی ئێوە لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان یان نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان لە کوردستان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**سورەیا فەلاح:** ئەمە خاڵێکی گرنگە و بەشێک لە دەرئەنجامی رێکخراوەکەمان لە کۆنفرانسەکەشدا ئەوە بوو کە پردێک دروست بکەین لە نێوان ژنانی ئازادیخوازی کورد و رێکخراوە کوردییەکان لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا. تا رادەیەک ئەمە بە هۆی پرۆژەی WWL World Woman For Life جێبەجێکراوە، بەڵام پێویستیمان بە هەنگاوی زیاترە. بە هۆی ئەوەی کە رێکخراوێکی Non partisan یا غەیرە ئایدۆلۆژیکین رێز لە رای بەرامبەری رێکخراوەکانی دیکە دەگرین.

**کوردستان راپۆرت:** کێ هاوکاری و یارمەتیی رێکخراوەکەتان دەکات و تا چەند توانیوتانە پردێک لە نێوان ئافرەتان دروست بکەن؟

**سورەیا فەلاح:** وەک لیژنەیەک لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەتوانم بڵێم ئێمە رێکخراوێکی سەربەخۆین و بە هیچ دەوڵەت و حکومەت و کەسێکەوە وابەستە نین. ئیشوکاری رێکخراوەکەمان بە پارەی ئەندامانی بەڕێ دەچیت و لەخۆبوردن و ئێش بۆ گەلی کورد و ژنی کورد بە کارێکی گرنگ و سەرەکیی خۆمانی دەزانین. ئێمە بە دروستکردنی پردێک بۆ هاریکاریی نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتان لە ئەمریکای باکوور و ئەورووپا لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕی زانست و ئەزموونی مەدەنی و دیموکراسی هەوڵ دەدەین و ئامانجمان دامەزراندن و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان ئەو گروپانەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی ژن بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی.